**ئایا Canopy کاری چیە؟**

ئێمە خانووە داڕوخاو و چۆڵکراوەکان لە لیدزدا نۆژن دەکەینەوە بۆ هەموارکردنی ژینگەی ناوچەکە.

ئێمە دەرفەت بۆ خەڵک دەکەینەوە بۆئەوەی کە بە خۆبەخش (بێ موچە) کار بکەن و خانووە داڕوخاو و چۆلەکان دیکۆربکەنەوە، فێری پیشە ببن، تێکەڵاوی خەڵک ببن و ببنە بە ئەندامی تیمێک.

ئێمە خانووی نۆژنکراوەی هەرزان ئامادە دەکەین بۆ خێزانەکان و کەسە سەڵتەکان کە هیچ شوێنێکیان نیە لێی بژین یان لە ژێر مەترسی بێخانە بووندان.

Canopy دەکەوێتە شوێنێکی بەدەرامەتی باوەشکراوە کە دەتوانیت لە ڕۆژدا بەکاری بهێنیت؛ مەتبەخ (چێشتخانە)، کۆمپیوتەر، تەلەفۆن و دووگۆلیی دەستیی تێدا فەراهەمە.

**چۆن Canopy کاردەکات؟**

سەرەتا Canopy دەستنیشانی ئەو خانووانە دەکات کە چۆڵن، بە تەنەکە داخراون و بوونەتە مایەی بێزاری بۆ خەڵکی سەر ئەو شەقامەی کە تێیدان. ئەمجار ئێمە بە هاوکاری خاوەنماڵەکە، خانووەکە وەردەگرین و وەستای کارەبا، وەستای بۆری (plumbers) و وەستای میچی بۆ ئامادە دەکەین بۆئەوەی کە هەموو کارە گەورەکان تەواو بکەن.

ئەمجار کارمەندەکانی Canopy، کەسە خۆبەخشەکان و کرێچییەکان بە ئامرازەکانیانەوە دەچنە ناو ماڵەکەوە و گەچکاری دەکەن، کاشیەکانی دادەنێن، کاغەز لەدیوارەکان دەدەن و بۆیەی دەکەن. ئەو کەسە یان خێزانەی کە بە نیازە لە ماڵەکەدا بژی، وەک بەشێک لە تیمی کەسە خۆبەخشەکان بەشداری کارەکە دەکات لە نۆژنکردنەوەی خانووەکەدا و کە چوونە ناوی، ڕەنگی بۆیەی خانووەکەوە هەڵدەبژێرن.

ئێمە لە ساڵی 1998 تا ئێستا لە دوو ناوچەی لیدزدا کارمان کردووە هاید پارک (Hyde Park) و بیستن (Beeston)؛ و بەم زووانە پرۆژەیەک لە هەیرهێڵسدا (Harehills) دەستپێ دەکەین.

**کێ کاری خۆبەخش بۆ Canopy دەکات؟**

خەڵی ناوچەکە، لاوان، تەمەنداران، پیاو و ئافرەت و خەڵکانی وڵاتە جیاوازەکان کاری خۆبەخش لەگەڵ Canopy دەکەن. هەموومان زۆر شت لە یەکترییەوە فێردەبین، لەوانە چۆنێتی دیکۆرکردنی ماڵ و کاری بینا، زمانی جیاواز. ئێمە تیمێکی فوتبۆلێن و ڕۆژی چوونە دەرەوەمان هەیە. یاری دووگۆلی دەست و زۆر شتی تر دەکەین. سەیری هەندێک لە فیلم و وێنەکانمان بکە لە سەر **http://www.canopyhousingproject.org/gallery.html**

**بۆچی خەڵکی کاری خۆبەخش دەکات؟**

زۆر لە کەسە خۆبەخشەکانمان، لە کۆتای کارەکەدا کۆرسی ڕاهێنان وەردەگرن یان کار دەدۆزنەوە. هەندێک تەنیا چێژ لە ئەزموونی بوونە بەشێک لە تیمێکی دۆستخواز وەردەگرن کە باوەش بۆ هەموو کەسێک دەکاتەوە، و دەشێت یارمەتی خەڵکانی تر بدات و کار بکات بۆ گۆڕینی خانووەکانی ناوچەکە بۆئەوەی کە دیسان دیمەنیان نوێ ببێتەوە. ئەگەر پێویستت بە وەرگێری زمان هەبێت ئەوا Canopy دەتوانێت بۆت پەیدا بکا. کارکردن لەگەڵ کەسانی خۆبەخشدا لەسەر کار، دەرفەتێکی نایابە بۆ فێربوون و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە دەرەوەی پۆلی خوێندندا.

**ئایا تۆ دەتوانیت بەشداری بکەیت؟**

لەوانەیە تۆ ئارەزووت لە کاری خۆبەخش هەبێت وەک نۆژنکردنەوەی خانووە چۆڵکراو و داڕوخاوەکان یان لەوانەیە خەڵکی تر بناسیت کە ئارەزوویان لەوە هەبێت. تۆ دەتوانیت پیشەیەکی نوێ فێرببیت، هاوکاری

بکرێیت لە دۆزینەوەدا کاردا یان تەینا تێکەڵی خەڵک ببیت؛ تەلەفۆنێکمان بۆ بکە بە ژمارە تەلەفۆنی 2946868.

ئایا پێویستت بە خانووەیەک هەیە؟ ئەگەر بێخانە بوویت و ئارەزووی ئەوە دەکەیت کە دیکۆری ماڵە نوێکەت بکەیتەوە بە هاوکاری تیمێک کە لە کەسانی خۆبەخش پێکهاتووە، ئەوا تەلەفۆن بۆ Canopy بکە بۆ ئەوەی کە بزانیت هیچ خانوویەکمان هەیە.

**ئەگەردەخوازیت ببیتە کەسێکی خۆبەخش یان کرێنشین، تکایە تەلەفۆن بۆ Canopy بکە بە ژمارە 0113 2946868**